# ئیسلامی یەكان لە پشت مەریوانەوە سەنگەر لە ئازادی بیرورا دەربرین دەگرن

مەریوان هەلەبجەی یەكێك لەو ڕۆشنبیرانی ناسراوانەیە كە لە ڕێگەی بەرهەمەكانی یەوە ڕەنگە بۆ زۆرێك لە ئێمە پیٚ ی ئاشنا بین. مەریوان خاوەنی چەند كتێبیكە كە دوایین بەرهەمی بە ناوی ( سكس ، شەرع ، ژن لە ئیسلام)ە كە ماوەی چەند مانگێكە كەوتووەتە بازارەوەو ڕووبەڕووی پێشوازی كردنیكی گەرم بووەتەوە لە لایەن خوێنەران و ڕۆشنبیرانی كوردستانەوە.

بەلام خستنە ڕووی ئەم ڕاستیانە وەك بومەلەرزەیەك زەوی ژێرپیٚ ی ئیسلامی یەكانی لەرزاندوەو بلاوبوونەوەو پیشوازی كردنی خەلكی كوردستان لەم كتیبەی مەریوان هەلەبجەی ئیسلامیەكان تووشی هیستریایەكی كەم وینەكرد كە پیٚ دەچیت نووسەر دروست ئامانجی خۆی پێكابێت وتوانیبیتی سەركەوتووانە كارنامەی میژووی ئیسلام لە پەیوەند بە سیكس وشەرع و ژن لەهێلەك دابیٚ، بۆیەوا كاتیك كە ئیسلامی یەكان كەمپەینیكی لە رادەبەدەر گەورەیان دژ بە مەریوان هەلەبجەی دەست داوەتی و سەرەتا نامەیەكی سەرئاوەلا بۆ (سەرۆك كۆمارو سەرۆك هەرێم) نووسیوەو داوای لێپرسینەوە سزادانی مەریوان دەكەن كە دەقی ئەو نامە سەرئاوەلایە لە هاولاتی ژمارە (257) لە لاپەڕە سێ دا بلاوكراوەتەوە... هەر دوابەدوای ئەو نامە سەرئاوەلایە ئیسلامی یەكان سنووری كەمپینەكەیان بە تەواوی مانا بەرفراوان دەكەنەوە لە رۆژی 2006/1/20 شەش مزگەوتی هەڵەبجەی شەهید خوتبەی جومعەیان لەسەر ئەم كتێبەم دەبێت. تەشەنە كردنی ئەم كارە تەنیا بە ناوچەی هەلەبجەوە ناوستیتەوەو بایرۆزەكەی خۆی دەكات بە مزگەوتەكانی سلیمانی داو رۆژی 2006/1/27 لە ژمارەیەكی بەرچاو لە مزگەوتەكان لەیٚمانیو شەهید لەخوتبەی جومعەیاندا ئەوەی ئیسلام پێی خۆش بووبێت بەرامبەرم كردوویانە. شەوی 20لەسەر 2006/1/21 تەلەفزیۆنی یەكگرتوو چەند بەشێكی ئەو خوتبانەی لێدا بەتایبەت خوتبەكەی مەلا عوزێر لەمزگەوتی زەرگەتە, كەچەند جارێك دووبارەی كردووەوە . ئەوەی بە رۆشنی لە پرۆسەی دەست پیٚ كردنی ئەم كەمپینەوە دەبینریتەوە ئەوەیە كە ئیسلامیەكان لەبەر بیٚ توانای و زەبوونیان لەبەرامبەر بە لیكولینەوەو رەخنەو سەرنجەكانی مەریوان هەلەبجەی دا نیشاندا كە بە پشتیوانەی دەیان سەرچاوەی " ئاینی پیرۆزی " ئیسلامەوە ئەنجام دراوە ... ناچارن پەنا بۆ ریگەیەك بەرن كە گەرانەوەیە بۆ ئەسل ، گەرانەوەیە بۆ لوژیكی ئەم بزوتنەوە سیاسی یە ، گەرانەوە بۆ بەدەستەوەگرتنی ئەو چەكەی كە سەدان سالە لە سایەیدا خۆیان پیٚ داسەپاندوە . چەكی هەرەشەو چاوترسان ، چەكی تیرۆر، چەكی فتودان ، بەلام بە دلنیای ئەم كارە لە سەرەتای دەست پیٚ كردنەوە دۆراوەو تازە خەلكی كوردستان هیچ ریگەیەكی تر نابینەوە لەبەردەم خۆیاندا بۆ مسۆگەر كردنی ژیانیكی ئینسانی جگە شەقاونانی گەورە بۆ بنیادانانی كۆمەلگایەكی مەدەنی وعەلمانی كۆمەلگایەك كەبەهای ئینسانەكان بەنازنامەی ئینسان بوونیان دەبەستیتەوە نەك هیچ ئاین وئایدۆلۆژیایەكەوە !

هەموو ئەم ڕووداوانەو بەرپاكردنی ئەم كەمپەینەو سووكایەتی و دەست دریژی كردنی ڕۆژانەی ئیسلامیەكان بۆ سەر كەس و كاری مەریوان هەلەبجەی لە كاتیكدا كە دەزگاكانی ئاسایش و حزب و حكومەتەكەی یەكیتی نیشتمانی بە هیچ جۆریك مسوولیەتی ئەمنیەت و ژیان وچارەنووسی مەریوانی خستووەتە بەردەست ئەو هیزە ئیرهابیەوە كە هیچ باكیكیان نی یە لە لەخۆین هەلكیشانی جەستەی مەریوانەكان و هەموو رەخنەگران و قەلەم بەدەستان و ئازادیخوازان .

ئازادیخوازان بەرەی داوەری و بەرابەرخواز

هەرەشەو گورەشەی ئیسلامیەكان بۆ سەر مەریوان هەلەبجەی هیمایەكی گەورەتر بۆ دژایەتی كردنی ئەم لایەنانە دژ بە ئازادی بیروا دەبرین و ئازادی بەیان و رەخنە گرتن . ئیسلامیەكان ئەگەر ئەمڕۆ وەك پێویست ناتوانن شمشیر لە ڕووی بەرەو بزوتنەوەكەی ئیمەدا هەلبرن و لاشەی دەیانی وەك مەریوان لە شەلالی خۆین بكەن ، ئەوا تەنها بوونی بزوتنەوەی ئازادیخوازو بەرابەرخوازە بۆیە دەبیت هەر یەك لە ئیمە دەست دریژەی و سووكایەتی كردن و تیرۆری شەخسی مەریوان هەلەبجەی وەك مەسەلەیەكی سیاسی و كۆمەلایەتی لەبەرچاو وەربگریت وە وەك سەرەتای مەترسیەیكی زۆر جدی دژ بەو بزوتنەوە فراوانەی كە دەیەویت لە ریگەی ئازادی بیرواو ئازادی بەیان ڕەخنەگرتنەوە سەرەتای بنەماكانی كۆمەلگایەكی عەلمانی ومەدەنی بەهیز بكات و بەهاو حورمەتی تاك وماف وئازادیەكانیان سەروەر ڕابگریت. بۆیە دەبیٚ ڕاوەستانەوە دژ بەمەریوان هەلەبجەی بەڕاوەستانە دژ بەهەموو بزوتنەوەكەی خۆمان لەقەلەم بدەین و پیٚ بنینە مەیدانی شەریكی شارستانی و گەورەترەوە بۆ دیفاع لە ئازادی بەیان و رەخنەگرتن بینەمەیدان و بە دەنگی بەرز نارەزایەتی خۆمان دژ بە كردەوەی ئیسلامی یەكان و شانخالی كردنەوەی یەكیەتی نیشتمانی كوردستان لەبەرامبەر بە ژیان و چارەنووسی مەریوان هەلەبجەی دا دەبرین . بۆیە لیرەدا بانگەوازی هەموو حزب و ریكخراو كۆروكۆمەلیك دەكەم كە دژ بەم پیلانانەی ئیسلامیەكان راوەستنەوە بۆ داكۆكی كردن لە مەریوان هەلەبجەی و بۆ داكۆكی كردن لە ئازادی بیرورا دەبرین و ئازادی بەیان و ڕەخنەگرتن بینەمەیدان و ڕێگە نەدەین ئیسلامیەكان كوردستان بكەنە لانكەی پیادە كردنی سیاسەتە دژی ئینسانی یەكانی خۆیان . بژی ئازادی بیرورا دەبرین بژی ئازادی بەیان و رەخنە گرتن

ریسوا بیٚ بەرەی كۆنەپەرستانی دژی ئازادی

ریبوار عارف

2006 / 1 / 31